هەندێ ئاژەڵ وەکو ئاژەڵی دڕندە وان، ئەگەر نەتانتوانی زاڵ بن بەسەریاندا بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن

لە ڕافیعی کوڕی خەدیجەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- لە (زول حولەیفە:ذي الحليفة)، خەڵکی تووشی برسێتی بوون، لە دەستکەوتی جەنگ هەندێک وشتر ومەڕوماڵاتیان هێنا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پشتی خەڵکەکەوە بوو، بەپەلە ئاژەڵەکانیان سەربڕی وگۆشتەکانیان کردە نێو مەنجەڵەکانەوە وکوڵاندیان؛ (کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات) فەرمانی کرد بەوەی مەنجەڵەکان سەرەو وژێر بکرێن (بڕژێندرێن) بۆیە سەرەو ژێر کران، پاشان (دەستکەوتەکەی) دابەشکرد، دە پەز (مەڕ وبزنی) بەرامبەر بە یەک وشتر دانا، یەکێک لە وشترەکان ڕایکرد وخەڵکی بە ماندووبوونێکی زۆرەوە شوێنی کەوتن، وخەڵکەکە تەنها چەند ئەسپێکی کەمیان پێبوو، کابرایەک تیرێکی وەشاند وبە ویستی خودا وشترەکە وەستا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەندێ ئاژەڵ وەکو ئاژەڵی دڕندە وان، ئەگەر نەتانتوانی زاڵ بن بەسەریاندا بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن»، ڕافیع ووتی: ئێمە هیوادارین (یان دەترسین) لەوەی سبەی ڕووبەڕووی دوژمن ببینەوە، وچەقۆمان پێ نییە، ئایا بە قامیش (لێواری تیژی قامیش) سەربان بپڕین؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرشتێک خوێنێکی زۆڕ بڕژێنێت بەکاربهێنن، ولەو گۆشتە بخۆن کە ناوی خودای لەسەر هێنراوە (لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵەکە)، بەڵام ددان وچڕنووکەکان بەکارمەهێنن بۆ سەربڕینی، هۆی ئەمەتان پێدەڵێم: چونکە ددان ئێسکە، وچڕنووکەکان چەقۆی حەبەشییەکانە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ڕافیعی کوڕی خەدیج -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لەگەڵ پێغەمبەر بوون -صلى الله عليه وسلم- لە زی حولەیفە، وخەڵکی تووشی برێتی بوون، لەهەمان کاتدا وشتر وپەزێکی زۆریان دەستکەوتبوو لە سەرەنجامی جەنگان دژی موشریکەکان، بەپەلە هەندێکیان لێ سەربڕین پێش دابەشکردنی ئەم دەستکەوتە، ولە نێو مەنجەڵەکان گۆشتەکانیان کوڵاند بەبێ ئەوەی ڕوخسەت لە پێغەمبەر وەربگرن -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پشتی خەڵکەکەوە ڕێی دەکرد؛ کاتێك زانی سەبارەت بە مەنجەڵەکان، فەرمانیکرد بەوەی سەربەرەو خوار بکرێن لەگەڵ ئەو مەرگەی تێیاندایە، پاشان دەستکەوتەکانی لەنێویان دابەشکرد، دە پەز -مەڕ وبزنی- بەرامبەر بە یەك وشتر دانا، وشترێك ڕایکرد، نەیانتوانی بیگرن وبە شوێنیدا بکەون، ولەو شوێنە ئەسپی کەمی لێبوو، پیاوێك تیرێکی تێ وەشاند، بە ئیزنی خودا وشترەکە وەستا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەم ئاژەڵانە ماڵیانە خوویان هەیە وەکو خووی دڕندەکان، هەرکاتێك نەتانتوانی زاڵ بن بەسەریاندا وبیانگرن؛ بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. ڕافیع ووتی: ئێمە هیوادارین سبەی ڕووبەڕووی دوژمن بینەوە ودەترسین لەوەی سەربڕینی ئاژەڵەکان بە چەکەکانمان ببێتە هۆی کول بوونیان لەکاتێکدا پێویستیەکی زۆرمان بە سەربڕینیان هەیە، وچەقۆمان پێ نییە، ئایا دەکرێت بە لقی قامیشی ناوبۆش سەربان بپڕین؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرشتێك ببێتە هۆی ڕشتنی خوێن بە زۆری، وناوی خوای لەسەر هێنرا ئەوا بیخۆن، جگە لە ددان وچڕنوك.نەبێت، پێتان دەڵێم سەبارەتیان: ددان ئێسکە، وچڕنوك بەکاردەهێنرێت لەلایەن موشریکەکانی حەبەشەوە

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2984